# یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان



راپۆرتێک لەبارەی:

# وشکەساڵی لە گەرمیان و هەوڵی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی

حوزەیرانی 2025

# بەشی یەکەم: وشکەساڵی و لێکەوتەکانی

## ١. وشکەساڵی چییە؟

وشکە ساڵی بەیەکێک لەو دیاردە سروشتییانە دادەنرێت کە لە ناوچەیەک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو رودەدات لە ئەنجامی کەمبونەوەی رێژەی داهاتی ئاو، کاتێک ناوچەکە توشی کەمبارانی بەردەوام دەبێت بەبەراورد بەڕێژەی سروشتی باران بارینی ناوچەکە، ئەمەش کاریگەری گەورە دەکاتە سەر سیستەمی ژینگە و کشتوکاڵ لەناوچەی زیانلێکەوتو.

لە روی زانستییەوە سەرهەڵدانی وشکەساڵی بۆ یەکجار لەماوەی ٧ تا ١٣ ساڵ بە کردارێکی ئاسایی دادەنرێت، دوبارەبونەوەی زیاتر لە ٢ جار بەکردارێکی ناسروشتی هەژماردەکرێت.
چەند جۆرێکی وشکەساڵی هەیە، لەوانە: کشتوکاڵی، هایدرۆلۆجی، کەشناسی، گشتی.

## ٢. کەمبونەوەی سەرچاوەی ئاو

کەمی رێژەی بارانبارین کاریگەرییەکی خراپی کردوەتە سەر سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوبەری ئاوی دەوروبەری گەرمیانیش دەڵێت بەهۆی وشکەساڵییەوە لەچەندین شوێن کێشەی ئاو دروست بوە.
نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، دەڵێت: بۆ ئاوی ژێر زەوی ئەمساڵ وشکەساڵییە، کەمی رێژەی بارانبارین کاریکردوەتە سەر دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی، چەندەها کانیمان هەیە وشکی کردوە و لەلایەن هاوڵاتیانەوە ئاگەدار دەکرێینەوە لە وشکبونی سەرچاوەکانی ئاو.
دەشڵێت: ئێستا لە مانگی ٦ داین کاریگەرییەکان بەمشێوەیەیە، پێدەچێت لە مانگی (٧ و ٨)دا رێژەی وشکبونی سەرچاوەکانی ئاو رولە زیادبون بکات، لە چەندەها شوێن روبەروی کێشەی ئاو بوینەتەوە بەو هۆیەوە.
هاوکات د. عەبدولموتەڵیب رەفعەت، مامۆستای زانکۆ و توێژەری بواری ژینگە و ئاو، دەڵێت: وشکەساڵی کاریگەریی راستەوخۆی دەبێت لەسەر دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی بەهۆی ئەوەی رێژەی پێویست لە ئاوی باران دزەناکاتە ژێر زەوییەوە و نابێتە هۆی پاراوبونی ئاوی ژێرزەوی.
پشتبەستن بە ئاوی ژێرزەوی وەک سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی ئاو بۆ دانیشتوان، گرفتی دابەزینی ئاوی ژێرزەوی بەرەو ئاستێکی خراپتر بردوە.
د. عەبدولموتەڵیب رەفعەت، باسی لەوەکرد: بەشێوەیەکی زۆر خراپ مامەڵە لەگەڵ ئاوی ژێرزەویدا دەکرێت، لە زۆرێک لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ئاستی ئاوی ژێر زەوی دابەزیوە، چونکە زیاتر لە ٩٠٪ـی دانیشتوانی هەرێم پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستن و لە بەرانبەردا ئاوی سەرزەوی بەتەواوی پشتگوێخراوە.
لە بەرامبەردا نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، پشتڕاستی ئەو قسەیەدەکاتەوە «بۆ دابینکردنی ئاوی ماڵان بەرێژەی ٩٠٪ پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستن بە هۆی نەبونی پرۆژەی ئاوی گەورە لە سەر روباری سیروان، لەرێگەی لێدانی بیری قوڵەوە ئاوی دانیشتوان دابین دەکەین».
بۆ چارەسەرکردنی سەرهەڵدانی گرفتی بێ ئاویی لەو شوێنانەی بەهۆی وشکەساڵییەوە سەرچاوەکانی ئاویان وشکی کردوە، بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوربەری گەرمیان پێویستی بە بودجەی فریاکەوتنە.
نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، دەڵێت: لەکاتی سەرهەڵدانی وشکەساڵی دا پێویستە بودجەیەکی فریاکەوتنمان لە بەردەستدا بێت بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەی سەرچاوەکانی ئاویان وشکدەکات بە زوترین کات لە رێگەی تەنکەرەوە بێت یان بە هەڵکەندنی بیر بێت یاخود بە راکێشانی بۆڕی ئاو لە شوێنێکی ترەوە، چارەسەری کێشەی بێ ئاوییان بۆ بکرێت.
لەپێناو کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی وشکەساڵی و مەترسیەکانی دوبارەبونەوەی ئەم دیاردەیە، شارەزایەکی بواری ئاو بەپێویستی دەزانێت بەشێوەیەکی زانستی مامەڵە لەگەڵ ئاوی ژێرزەویدا بکرێت و پلانی پێشوەختە بۆ روبەڕوبونەوەی وشکەساڵی دابنرێت.
د. عەبدولموتەڵیب رەفعەت، مامۆستای زانکۆ و توێژەری پسپۆری ژینگە و ئاو، دەڵێت: پێویستە لەمەبەدوا وادابنرێت هەمو ساڵێک وشکەساڵییە، گرنگە پلانی ساڵانەمان بۆ روبەڕوبونەوەی وشکەساڵی ئامادەبێت، ناوچەی گەرمیان لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردودا زۆرترین ساڵ دوچاری ئەم دیاردەیە بوەتەوە، پێویستە بەشێوەیەکی زانستی ئاوی ژێرزەوی دەربهێنرێت بەپشت بەستن بە تەکنیکی تەناهیکراو کە پشت بە رێژەی باران دەبەستێت.
دەشڵێت: لە بواری کشتوکاڵکردندا سیستەمی نوێ پەیرەو بکرێت بۆ کەمکردنەوەی بەفیرۆدانی ئاو، دانانی پێوەر بۆ هەمو ئەو بیرانەی کە هەیە بۆ رێگریکردن لە بە هەدەردانی ئاو، بەپێچەوانەشەوە مەترسی لە سەر ئایندەی ئاو دروست دەبێت، پێویستە هەوڵی جدی بدرێت بۆ رێگریکردن لە لێدانی بیری بێ مۆڵەت و سزادانی توندی ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە لێدانی بیر لە دەرەوەی یاسا.

## ٠٣ ئاوی ژێرزەوی

دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی کاریکردوەتە سەر وشکبونی ئاوی ژێرزەوی، حکومەت لەرێگەی پێدانی مۆڵەتی بیری بەدیلەوە چارەسەری گرفتی وشکبونی ئاوی بیرەکان دەکات.
حامد جومعە، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان، دەڵێت: لەساڵانی رابردودا بیرێکی زۆر لێدراوە کە قوڵییان لە ٥٠ بۆ ٦٠ مەترە، بەنەمانی ئاو لەو بیرانە لە کاتی وشکە ساڵیدا، پێویستە داوای بیری بەدیل بکرێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتی وشکبونیان.
دەشڵێت: حکومەت بە رێگەی یاسایی رێگەپێدان دەکات بۆ ئەو بیرانەی سەرچاوەی ئاویان وشکی کردوە، بیرێک ئاوی وشکی کردبێت ئەبێت مۆڵەتی بیری بەدیلی پێبدرێت پاش پڕکردنەوەی بیری یەکەم، ئەمە ئەو بیرانە ناگرێتەوە بە نایاسایی هەڵکەندراون.
هاوکات ئارام سابر، لێپرسراوی بەشی کشتوکاڵی سەرقەڵا، دەڵێت: رۆژانە لەلایەن جوتیارانەوە بە رێژەیەکی بەرچاو داواکاری بۆ پێدانی مۆڵەتی بیری بەدیل دێتە لامان کە بەهۆی وشکبونی بیرەکانیان و دابەزینی ئاستی ئاوەوە داوای مۆڵەتی بیری دیکە دەکەن.
رۆژگار سالار، جوتیارێکی دانیشتوی گوندی حاجی عەوادی سەر بە ناحیەی سەرقەڵایە، بەمەبەستی پێدانی مۆڵەتی بیری بەدیل سەردانی بەشی کشتوکاڵی ناحیەی سەرقەڵای کردوە، دەڵێت:

دو بیرمان هەیە کە لە ساڵی ٢٠١٠ــەوە بەقوڵی ١٥٠م دروستمان کردوە هەریەکەیان دو بۆ سێ ئینج ئاوی هەبوە، بەڵام ئەمساڵ کێشەی کەمی ئاوی بۆ دروستبوە.
دەشڵێت: مامەڵەی بیری بەدیلمان کردوە پاش پڕکردنەوەی بیرەکە بیرێکی دیکە هەڵکەنین، دەبێت قوڵی بیرەکانمان ٢٠٠ تا نزیکەی ٣٠٠ مەتربێت ئەوکاتە دەگەیەتە ئاوێکی باش.
شێرزاد حەمید، جوتیارێکی دانیشتوی گوندی سەی جەژنییە، دەڵێت: بیری گوندەکەمان بەهۆی دابەزینی ئاستی ئاوەکەیەوە رێژەیەکی کەم ئاوی هەیە و نیوەی هەوایە، ئاوەکەی لێڵ بوە و پێویستی ئاوی گوندەکە پرناکاتەوە «کە ئاو دابەزێت لێڵ ئەبێت و بەکەڵکی خواردنەوە نایەت».
دەشڵێت: بەهۆی وشکەساڵییەوە ٤ ناعورم وشکی کردوە کە ساڵانی پێشو هەریەکەیان ٤ ئینج ئاویان هەبو و بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی سودێکی زۆرمان لێدەبینی، «ئێستا یەک قەترە ئاوی تیادا نەماوە».
بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی گەرمیان، زۆرترین بیری بەکاربردنی ئاوی ژێرزەوی لە گەرمیان بەرێگای کشتوکاڵییەوەیە کە ١٢٢٢ بیری کشتوکاڵی لە سنورەکەدا تۆمارکراون، سەرباری بونی سەدان بیری نایاسایی کە تۆمارنەکراون.

| وەرزی داباریین | کەلار | پێباز | مەیدان | کفری | خانەقین |
|---|---|---|---|---|---|
| 2020-2021 | 117 | 199 | 181 | 115 | 162 |
| 2021-2022 | 112 | 186 | 212 | 136 | 98 |
| 2022-2023 | 305 | 433 | 520 | 366 | 283 |
| 2023-2024 | 440 | 619 | 440 | 351 | 331 |
| 2024-2025 | 224 | 252 | 224 | 219 | 207 |

ئاماری رێژەی دابارینی پێنج ناوچەی سنوری ئیدارەی گەرمیان بۆ ٥ ساڵ بە پێی داتاکانی بەشی کەشناسی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان بە پێوەری (ملم)

## ٤. کەرتی کشتوکاڵ

جوتیاران لە بەرهەمی گەنمی ئەمساڵدا بەهۆی کەمبارانییەوە ڕووبەڕووی زیان بونەتەوە، وەکخۆیان دەڵێن: ئەو پارەیەشیان دەست ناکەوێتەوە کە لەچاندنی گەنمدا خەرجیان کردوە بەهۆی ئەوەی بەروبومەکەی وەکو پێویست نەبوە.

ئیبراهیم مەحمود، جوتیارێکی دانیشتوی گوندی نازێی سەر بە قەزای کەلارە، دەڵێت: بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ جگە لەزیان سودێکی ئەو تۆی نەبو بۆمان، بڕی ٥ تەن گەنمم وەشاند ٨ ملیۆن دینارم تیادا خەرج کرد، بەرهەمەکەی بەو شێوەیەنەبو کە تەنها ئەو تێچوەی تیایدا خەرجم کرد دەربیکاتەوە.

دەشڵێت: جوتیار پەین و بنەتۆوی بەقەرزهێناوە، لە ئەنجامی ئەو زیانەی لەبەرهەمی ئەمساڵ کردویەتی توانای دانەوەی ئەو قەرزەی نیە.

بورهان حەسەن، جوتیارێکی گوندی زەردی حەمەی سەربە ناحیەی ڕزگارییە، دەڵێت: لە دو تۆن گەنمی وەشیندراو تەنها بنەتوەکەی بۆ دەرکردم، بەشێکی ئەو تۆوەی وەشاندم بەهۆی بێ بارانییەوە سەوز نەبو.

«ڕێژەی باران بارین لەنێوان ٢٥٠ بۆ ٤٠٠ ملم کەمتربێت، کێشە بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان دروستدەکات، بەتایبەتی بەروبومە کشتوکاڵییە باوەکانی وەکو گەنم، کاتێک بڕی پێویست باران نابارێت کاردەکاتە سەر کەمبونەوەی ڕێژەی بەروبومەکەی». د. هەڵگورد نەسرەدین، مامۆستا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان وای وت.

هاوکات شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: پێشبینیمان دەکرد بەرهەمهێنانی گەنم ئەمساڵ لە سنوری گەرمیان لە سەروی ١٠٠ هەزار تەن گەنم بێت، بەڵام لەئەنجامی روودانی وشکەساڵیەوە، پێشبینی نیوەی ئەوە دەکەین کە لە نێوان (٤٠-٥٠) هەزار تۆن گەنم بەرهەمهاتبێت.

زۆربەی جوتیاران زیانیان لەبەرهەمە کشتوکاڵیەکانیان کردوە، بەهۆی وشکەساڵی و نەبارینی بڕی پێویستی باران، تەنانەت بەهۆی شین نەبونی بەروبومەکانیان بەشێکیان وازیان لێهێناوە و نەیاندوریوەتەوە.

ئازاد محەمەد، جوتیارێکی دانیشتوی قەزای کەلارە، لە گوندی تەنورە گەنمی چاندوە، باس لەوەدەکات: لەسەر ڕوبەری ٤٠ دۆنم زەوی بڕی ٢ تۆن گەنمم وەشاند، پشتم بە ئاوی باران بەست، بەڵام بەهۆی وشکەساڵییەوە بەرهەمەکەی باش نەبو، بۆئەوەی تێچوی زیاترم لەسەر نەکەوێت و کرێی دورینەوەی بێتەسەر، هەمویم نەدورییەوە.

هەروەک ئیبراهیم مەحمود، جوتیارێکی دانیشتوی گوندی نازێیە، دەڵێت: بەهۆی نەبارینی بڕی پێویستی بارانەوە، ئەو گەنمەی بەرهەمهاتوە گەنمێکی لاوازە و گەشەی تەواوی نەکردوە، هەندێک لەو گەنمەی وەشاندم بە کەڵکی دورینەوە نەهات دام بەدەم مەڕوماڵاتەوە بیخوات.

دوبارەبونەوەی وشکەساڵی لەساڵانی رابردودا و نەبارینی باران لەکاتی خۆیدا، وایکردوە بەشێک لە جوتیاران پشت بە ئاودانی دەستکرد ببەستن بۆ چاندی دانەوێڵە؛ بەڕێوبەری کشتوکاڵی گەرمیانیش باس لەوەدەکات وشکەساڵی وایکردوە داواکاری لێدانی بیر زۆر بێت.

شادیە حسێن، وتیشی: ڕێژەی ئەو ڕوبەرەی بۆ لێدانی بیر دانراوە ٢٠ دۆنمە، بەلێدانی بیر لەسەر ڕوبەری زەوییەکی ٢٠ دۆنمی، دەتوانرێت لەرێگەی کارکردن بەسیستمی نوێی کشتوکاڵی، بەشی کشوکاڵکردنێکی جوان و ڕێکوپێک بکات.

دەشڵێت: لە ئێستادا داواکارییەکی زۆر دێتە لامان لە لایەن جوتیارانەوە بەمەبەستی لێدانی بیر، ئەمساڵ ڕوبەری ٢٢ هەزار دۆنم زەوی کراوە بە مەرەشە «ئاوپرژێن»، ئەمەش هەواڵێکی دڵخۆشکەرە، چونکە بەکارهێنانی مەرەشە بەهەدەردانی ئاو کەم دەکاتەوە.

حەسەن فەتاح، دانیشتوی گوندی سەیدەی سەر بەناحیەی سەرقەڵا، وتی: ساڵانە لەگەرمیان وشکەساڵی روودەدات، هەربۆیە بۆ کشتوکاڵکردن بیرمان لێداوە و پشت بە ئاوی ژێر زەوی دەبەستین.

| ساڵ | بەرهەم/ تەن |
|---|---|
| 2020-2021 | 30 هەزار |
| 2021-2022 | 28 هەزار |
| 2022-2023 | 78 هەزار |
| 2023-2024 | 88 هەزار |
| 2024-2025 | 40 هەزار "پێشبینیکراو" |

ئاماری پێشبینیکراوی بەرهەمی دانەوێڵە (گەنم) لە ماوەی (٥) ساڵی رابردودا بەنزیکەیی

وتیشی: ماوەی دو ساڵە لەرێگەی سیستەمی مەرەشەوە گەنم دەکەم، روبەری ٢٢ دۆنم زەویم کردوە بە کشتوکاڵ، سەرەڕای ئەوەی تێچویەکی زۆری هەیە، بەڵام زەرەرمەند نەبوم کردومە بەو سیستەمە و بەرهەمی ئەمساڵمان یەک بە ٢٠ بڕیویەتی.

«بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی وشکەساڵی، پێویستە جوتیاران گۆڕانکاریی لە شێوازی کشتوکاڵکردنیاندا بکەن، بەشێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ کەشوهەوای ناوچەکە، ئەمەش لەرێگەی بەکارهێنانی سیستمی ئاوپرژاندن». ستار عەلی، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی گەرمیان وای وت.

تێکچونی کات و وەرزی باران بارین، درەنگ کەوتن و ناڕێکی باران، کاردەکاتە سەر گەشەی بەروبومە کشوکاڵییەکان، ئەمەش بە وشکەساڵی کشتوکاڵی دادەنرێت.

د. هەڵگورد نەسرەدین، مامۆستای زانکۆی پۆلەتەکنیکی گەرمیان، دەڵێت: لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر سیستەمی کەشوهەوادا هاتوە، باران لە هەمو مانگەکاندا ناباریێت، هەندێکجار لە ماوەی دو رۆژدا بڕی ١٠٠ ملم باران دەبارێت، بەڵام دواتر بۆ ماوەی مانگێک بۆ دو مانگ نابارێت، ئەم ناڕێکییە لە ریتمی باراندا کاریگەری خراپی بۆ سەر کشتوکاڵ هەیە، بەتایبەتی لەماوەی گوڵکردندا نەبارینی باران کاردەکاتە سەر گەشەی روەکەکە.

دەشڵێت: ئەم سیفەتەی کەشوهەوا و نەبارینی باران لەکاتی پێویستدا، بە وشکەساڵیی کشتوکاڵیی دادەنرێت.

هاوکات ستار عەلی، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: مانگەکانی شوبات و ئادار (٢ و ٣) مانگێلێکی هەستیارن بۆ گەنم، چونکە ئەو ماوەیە ماوەی گوڵکردنیانە، ئەگەر توشی وشکەساڵی ببێت کاردەکاتە سەر بەرهەمەکەی و وەک پێویست نابێت، بەشێوەیەک ئەو تایبەتمەندیانەی لە گەنمێکی پێگەیشتودا هەیە لە شێواز و هەیکەلی و قورسایی دەنکە گەنمەکەدا، بەباشی دەست ناکەوێت.

جگە لە نەبارینی باران، سەرماش کاریگەریی و لێکەوتەی خۆی هەبوە.

ئەنوەر عەبدولعەزیز، ئەندازیاری کشتوکاڵی، وتی: جگە لەو ناهاوسەنگییەی لە باران بارینی ئەمساڵدا رویدا، دابەزینی پلەی گەرمی لە مانگی ٢ی ئەمساڵدا بۆ ژێر سفر، بەرهەمی کشتوکاڵی دەیمی روبەڕی نەخۆشی کردەوە، ئەمەش وایکردوە زیانی زیاتر بە جوتیاران بگەیەنێت.

بۆ روبەڕوبونەوەی دیاردەی وشکەساڵی و کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ، شارەزایانی کشتوکال بەپێویستی دەزانن حکومەت بیر لە رێگاچارەسەر بکاتەوە و بەو ئەرکە هەستێت.

د. هەڵگورد نەسرەدین، مامۆستا لە زانکۆی پۆلەتەکنیکی گەرمیان، دەڵێت: بەهۆی دوبارەبونەوەی دیاردەی وشکەساڵی لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا، پێویستە حکومەت کار بۆ چارەسەر و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی وشکەساڵی لەسەر کشتوکاڵ بکات.

دەشڵێت: یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی حکومەت دەبێت بیر لە جێگرەوە بکاتەوە بۆ چارەسەری ئەم دۆخە، ئەویش هێنانی تەرزی نوێی گەنمە کە بەرگەی وشکە ساڵی بگرێت، لەگەڵ پەیرەوکردنی شێوازی نوێ لە کەم کێڵانی خاکدا بەشێوەیەک بەکەمترین بەکارهێنانی ئاو بەروبوم بدورێتەوە.

لە بەرامبەردا شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان وتی: وەکو بەشی توێژینەوەمان، (٥) جۆر دانەوێڵەمان کە توێژینەوەمان لەسەری کردوە پەسەندکراوە لە عێراقدا، دوانیان جۆیە و سیانیان گەنمە، ساڵانە خۆمان دابەشیدەکەین بەسەر ژمارەیەکی کەمی جوتیاردا، چونکە سەرەتا کە گەنمێک پەسەند دەکەیت رێژەیەکی زۆرت بەردەست نیە بۆ ئەوەی زیادی بکەیت، دەبێت چەند جوتیارێک هەڵبژێریت بۆ چاندنی.

وتیشی: جوتیارانمان ساڵانە گەنمی توێژینەوە لەسەرکراو بەکاردەهێنن، کە بەرگەی کەمبارانی و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا دەگرێت، ئەو جوتیارانەی کە لە کەمبارانی تێگەیشتون، هانایان بۆ ئێمە هێناوە و ئەو بەرهەمانە بەکاردەهێنن کە بەرگەی وشکەساڵیی دەگرێت.

ئەوەشی خستەڕو: لە رێگەی رێکخراوی IOMـەوە ئامێری کێڵانی سفریمان بۆ دابینکراوە بە سود بینین لەو ئامێرە توانیومانە شێوازی کشتوکاڵی پارێزراو ئەنجام بدەین، گرنگی ئەم ئامێرە لەوەدایە تاڕادەیەکی باش توانای بەرەنگاربونەوەی وشکەساڵی و کەمبارانی دەبێتەوە لە زیاتر لە شێوازە کشتوکاڵە تەقلیدییەکە، هەروەها سود لە هەمو دڵۆپێکی ئاو دەبینێت کە لەو ناوچەیە ببارێت.

هێمای بەوەشکرد: لە لایەن ١٥ بۆ ٢٠ جوتیارەوە ئامێرەکە تاقیکراوەتەوە و لە تاقیکردنەوە دەرچوە و جێگەی متمانەی جوتیارانە «هەربۆیە دەتوانم بڵێم بۆ ساڵی داهاتو لەوەرزی چاندندا کەڵەکەبون دروست دەبێت لەسەر ئەو دو ئامێرەی هەمانە و داواکاریان لەسەر زۆر دەبێت».

بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان پێویستی بە نزبکەی ٧ ملیار دینارە بۆ کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی وشکەساڵی و ئەو زیانانەی بەر کەرتی کشتوکاڵ کەوتوە.

شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، وتی: لەلایەن ئیدارەی گەرمیان و وەزارەتەوە پێمان راگەیەنراوە داواکارییەکانمان چییە بۆ ئەم دۆخەی رویداوە، داوای بودجەیەکمان کردوە بەبڕی ٣ ملیاردینار بۆ ئالیک و نزیکەی ٣ ملیار و ٨٥ ملیۆن دینار بۆ بنەتۆی جوتیاران.

وتیشی: داوای دابینکردنی ئامێری کێڵانی سفریمان کردوە بۆ ئەوەی جوتیاران لەرێگەیەوە کشتوکاڵ بکەن کە رێژەی سەرکەوتنی کشتوکاڵ بەم ئامێرە ٩٩٪ـە، کۆی بودجەی داوکراومان نزیکەی ٧ ملیار دینارە و ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدارمانکردوە و چاوەرێی وەڵامدانەوەین.

تائێستا لە هەرێمی کوردستان یاسایەک نییە بۆ پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵی کاتێک توشی ئافات دەبێت بۆ قەرەبوکردنەوەی جوتیاران.

لەوبارەیەوە شادیە حسێن بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: نەخێر یاسایەک نیە، بەڵام وەکو ئەنجومەنی وەزیران سندوقێکیان هەبو کە سندوقی زیانە سروشتیەکانە بۆ هەمو زیانەکان، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لە ماوەی کارکردنمدا ئەو قەرەبوەم نەبینیوە.

## ٥. کەمبونەوەی لەوەڕگا

سەرچاوەی سەرەکی خۆراکی ئاژەڵ لەوەڕگا سروشتییەکانە، کەمی ڕێژەی باران بارین کاریگەری کردوەتە سەر نەبونی لەوەڕگا، ئەمەش ئاژەڵدارانی روبەڕوی گرفتی نەبونی لەوەڕ بۆ ئاژەڵەکانیان کردوەتەوە.

بەختیار ئەحمەد، لێپرسراوی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: وشکەساڵی کاریگەری خراپی لەسەر سامانی ئاژەڵ هەیە، لەسنوری گەرمیان ئاژەڵداران بۆ دابینکردنی ئالیک بۆ ئاژەڵەکانیان پشت بە لەوەڕگا سروشتیەکان دەبەستن.

دەشڵێت: سەرهەڵدانی وشکەساڵی کاردەکاتە سەر نەبونی لەوەڕگا، بەم هۆیەوە ئاژەڵداران ناتوانن خۆراک بۆ ئاژەڵەکانیان دابین بکەن.

هاوکات رەشید بەکر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوانی گەرمیان، دەڵێت: بونی لەوەڕگا پەیوەستە بە بونی بارانەوە، نەبونی بارانیش بەهۆی وشکەساڵییەوە کاریگەریی راستەوخۆی هەیە لەسەر نەبونی لەوەڕگا و کەمبونەوەی ئەو پێداویستییانەی خاوەن ئاژەڵ بۆ لەوەڕاندن و بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان پێویستیانە وەکو پاوان.

ئاژەڵدارانی گوندەکان بەهۆی نەبونی لەوەڕگا و لە پێناو دابینکردنی خۆراک بۆ ئاژەڵەکانیان، روله ناوچە کوێستانییەکان دەکەن، تێچوی گواستنەوەی ئاژەڵەکانیان بارگرانییەکی زۆری لەسەر دروستکردون.

دارا محەمەد، دانیشتوی گوندی نازێ، دەڵێت: ژمارەی مەڕومالاتمان زۆرە، نەبونی لەوەڕ وایکردوە توانای ئیدارەدانیمان نەبو لەگوند، هەربۆیە بۆ دابینکردنی لەوەڕ لەمانگی ٤ی ئەمساڵەوە مەڕومالاتمان گواستەوە بۆ ناوچەی پێنجوێن.

عادل عەلی، ئاژەڵدارێکی کۆچەرییە، دەڵێت: ئێمە کۆچەرین گەرمیان و کوێستان دەکەین بژێوی ژیانمان لەسەر ئاژەڵدارییە، نەبونی لەوەڕ کاریگەری زۆری لەسەر ژیانمان دروستکردوە.

دەشڵێت: بەهۆی نەبونی لەوەڕگا و گواستنەوەی ئاژەڵەکانمان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، لەروی ئابورییەوە قورساییەکی زۆری لەسەر دروستکردوین، هەر گواستنەوەیەکی ئاژەڵەکانمان یەک ملیۆن دینار خەرجیمان لەسەر دەکەوێت، ئەچینە شوێنێک بۆ دابینکردنی لەوەڕ ٣ بۆ ٤ ملیۆن دینارمان لێ وەردەگرن ئەمەش وادەکات «لەو سەرەوە لایەکی ئاژەڵەکانمان بدەینەوە و شتێکی ئەو تۆمان بۆ نامێنێتەوە».

«بە هۆی ئەو کاریگەرییەی وشکەساڵی دەیکاتە سەر سەرچاوەی خۆراکی ئاژەڵ لەگەرمیان، خاوەن ئاژەڵەکان ناچارن بۆ دابنیکردنی خۆراک بۆ ئاژەڵەکانیان گەرمیان و کوێستان بکەن ئەمەش لەروی ئابوری و گواستنەوە و رێگاو بانەوە کاریگەری خۆی بەجێدەهێڵێت» د. محەمەد عەبدولکەریم، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی پۆلەتەکنیکی گەرمیان، وای وت.

وتیشی: لای خۆمان وەک وڵاتانی پێشکەوتو نییە خواردنی ئالیک و خواردەمەنی پێچراوە ئامادەبکرێت بۆ ئاژەڵ بۆ هەمو کاتێک، چونکە لای خۆمان وڵاتێکی تاڕادەیەک تازەپێگەیشتوە و زۆر پەیوەست نییە بە دروستکردنی ئالیکی ئامادەکراوەوە.

ئەو ئاژەڵدارانەی لە گوندەکان دەمێننەوە بۆ دابینکردنی خۆراکی ئاژەڵەکانیان، ناچارن بەشێک لە ئاژەڵەکانیان بفرۆشن، ئەوان جگە لە خەمی کۆکردنەوەی ئالیک بۆ زستان، بۆ وەرزی هاوین و پاییزیش دەبێت خەرجی دابینکردنی ئالیک و لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان لە ئەستۆ بگرن.

ئەکبەر ئەحمەد، ئەنجومەنی گوندی پیازەجاڕ لە گەرمیان، دەڵێت: لە پێناو دابینکردنی خۆراک بۆ ئاژەڵەکان، ئاژەڵدار هەیە بەروبومی ئەو ساڵەی چەند بەرخ بێت ئەیفرۆشێت بۆ کڕینی دەغڵودان «پێی ئێژن قایمە، قایمەی بۆ ئەکات بۆ ئەوەی ئەمساڵی پێی بخاتەڕێ».

دەشڵێت: ئاژەڵداران لە ئێستاوە لە هەوڵدان بۆ کرینی خۆراک بۆ ئاژەڵەکانیان لە بازاڕی رەشدا، ئەم خۆراکە تا مانگی ٩ و ١٠ بیانبات، دوای ئەوە چاوەڕوانی باران و پەڵەین «ئەگەر پەڵە نەدات، هەر ساڵێک توانای بەرگە گرتنی هەیە دوای ئەوە ئاژەڵدار ناچارە ئاژەڵەکانی بفرۆشێ».

بەختیار حەمەخان، لە گوندی توکن لە گەرمیان، دەڵێت: لە ماوەی ١٢ مانگا تەنها ٢ مانگ تێچوی خۆراکیی ئاژەڵمان لەسەر نییە، لەوەڕزی زستان بە ئالیک و کا بەخێویان دەکەین لە هاوینیشدا گەنمیان بۆ ئەکڕین.

دەشڵێت: ٢٠٠ سەر ئاژەڵم هەیە لەئێستادا بە بڕی ٣ ملیۆن دینار جارم بۆ کڕیوە «جاڕ: خەلەی گەنمە بە دروێنە ناکراویی»، نەبونی لەوەڕ وایکردوە ئێستاش وەکو زستان وابێت بۆ ئاژەڵەکانمان.

هاوکات بەختیار ئەحمەد، لێپرسراوی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: وشکەساڵی و نەبونی لەوەڕ ئەرکی سەرشانی خاوەن ئاژەڵانی قورس کردوە، گرنگترین شت بۆ ئاژەڵ ئالیکە کە ئالیک نەبو ناچارە بیکڕێت، ئەمەش وایکردوە لە ئێستاوە (کا) دەستنەکەوێت.

لە بەرامبەردا، دارا محەمەد- ئاژەڵدار، دەڵێت: «لە ئێستادا کە هاوینە نرخی کا و جۆ بەرزبوەتەوە، ئاوا بروات بۆ زستان بەرزتر دەبێتەوە، بەهۆی وشکەساڵییەوە تێچوی خەرجی ئاژەڵەکانمان زیاتر لەسەر دەکەوێت».

کارەکانی حکومەت بۆکەمکردنەوەی لێکەوتەکانی وشکەساڵی لەسەر کەرتی ئاژەڵداری، هاوکاری کردنی ئەو پرۆژانەیە وەکو جێگرەوەی پاوانی سروشتی سودی لێ ببینرێت، ئەمەش پێویستی بە بودجەیەکە بۆ جێبە جێکردنی.

لەمبارەیەوە رەشید بەکر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوانی گەرمیان، دەڵێت: داوای پێویستییەکانی پاوانی دەستکردمان کردوە، بۆ خاوەن ئاژەڵان و ئەو جوتیارانەی کە خاوەن بیری ئیرتیوازین پاوانی دەستکرد بۆ ئاژڵەکانیان پەرەپێبدەن.

دەشڵێت: لە رێگەی دەرخستەیەکەوە داومانە بە حکومەت داوای دابینکردنی تۆوی وێنجە و سەماد و ئامێری دورینەوەی وێنجەمانکردوە، ساڵانی رابردوش کە وشکەساڵی بو، دەرخستەمان داوە بە حکومەت بەهۆی نەبونی بودجەوە هیچ نەکراوە.

«دەرئەنجامەکانی وشکەساڵی لەسەر سامانی ئاژەڵ تا بڵێی خراپە، لەبەرئەوەی گەرمیان کاریگەریی وشکەساڵی زیاتر لەسەرە لەچاو ناوچەکانی دیکە، هیوادارین حکومەت هاوکاری خاوەن ئاژەڵ و جوتیارانی سنوری گەرمیان بکات». بەختیار ئەحمەد، لێپرسراوی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان وای وت.

هاوکات شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: بەپێی پێشبینیەکانمان لەماوەی پێج ساڵی رابردودا زیاتر لە (٧٠٠) هەزار سەر ئاژەڵ لە گەرمیاندا هەبوە، بەڵام بۆ ئەمساڵ لەنێوان (٥٠٠-٥٥٠) هەزار سەر ئاژەڵ دەخەمڵێنرێت.



هەندێک لە جوتیارانی گەرمیان بەهۆی وشکەساڵییەوە سیستەمی ئاوپرژێن «مەرەشە» بۆ زەوییە دەیمییەکانیان دادەنێن و لەکاتی کەمبارانی و وشکەساڵیدا بەکاریدێنن

## ٦. ڤێتەرنەریی

سەرباری کاریگەرییە خراپەکانی وشکەساڵی بۆ سەرنەمانی لەوەڕگا، پسپۆرانی بواری ڤێتەرنەری باس لەوەدەکەن وشکەساڵی هۆکارە بۆ بڵاوبونەوەی نەخۆشی لەناو ئاژەڵاندا.

د. ئاریان ئیبراهیم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان، وتی: وشکەساڵی دەبێتە هۆی زۆربونی گەنە و ئەسپێ و کێچ کە زیان بە ئاژەڵ دەگەیەنن و سەرەنجام توشبونیان بە نەخۆشی لێدەکەوێتەوە «بەتایبەتی ئێستا نەخۆشی تای خوێبەربون بڵاوبوەتەوە، کە وشکەساڵی بو گەنە زۆر دەبێت، ئەم نەخۆشییەش لە رێگەی گەنەوە دەگوازرێتەوە».

وتیشی: نەبونی باران هۆکارە بۆ بڵاوبونەوەی نەخۆشی گەنە و ئەسپێ و چەند نەخۆشییەک کە زۆر زیان بە ئاژەڵ دەگەیەنێت.

هاوکات د. محەمەد عەبدولکەریم، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی پۆلەتەکنیکی گەرمیان، دەڵێت: گەرمیان و کوێستانکردنی ئاژەڵداران کار دەکاتە سەر گواستنەوەی نەخۆشی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، کۆمەڵێک نەخۆشی هەیە کە پێیان دەگوترێت نەخۆشییە ناوچییەکان، ئەمانە لە ناوچەیەک هەن و لە شوێنێکی تردا نییە.

دەشڵێت: لە ئەنجامی وشکەساڵی و نەبونی لەوەڕگا، ئاژەڵدارانی خۆمان کە ئاژەڵەکانیان دەگوازنەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لە پێناو پەیداکردنی خۆراک، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک نەخۆشی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بگوازرێتەوە.

لە بەرامبەردا عادل عەلی، ئاژەڵدارێکی کۆچەرییە، دەڵێت: ئاژەڵەکانمان لە گەرمیان پاکبون لەروی نەخۆشییەوە، گواستمانەوە بۆ ناوچەیەکی تر کە ئاژەڵی تیادابو لەوێ مەڕوماڵاتەکەمان نەخۆشی تێکەوت، هەندێکجار لەکاتی لەوەڕ و ئاوێکەوە نەخۆشییان بۆ دەگوازرێتەوە.

«بۆ رێگریکردن لە بڵاوبونەوەی نەخۆشی لەناو ئاژەڵاندا بەهۆی وشکەساڵییەوە، لە ئێستادا سەرقاڵی شۆرینەوە و دەرمانکردنی لەوەڕگاکانین، توانیومانە کۆنترۆڵی بکەین». د. ئاریان ئیبراهیم بەڕێوبەری ڤێتەرنەری گەرمیان وای وت.

وتیشی: بەڵام ئەگەر توانای رەشکردنی لەوەڕگا و شۆرینی ئاژەڵمان نەبێت کێشەی گەورەمان بۆ دروست دەبێت وەکو لایەنی دروستی ئاژەڵ، هەبونی دەرمان کارئاسانیی بۆ کردوین و خۆشبەختانە بەشی هەمو گەرمیان دەکات.

## ۰۷ به بیابانبون

ئەو وشکەسـاڵی و کەم بارانیەی لەماوەی چەند ساڵێکی رابردودا روبـەڕوی ناوچـەی گەرمیان بوەتەوە، بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ کاریگـەری کردوەتە سـەر خاکـی ناوچەکە ، بەڕای شـارەزایانی بواری ژینگە، بەدەرکەوتنی نیشانەکان ئاماژەی بۆ بەرەو بەبیابان بون چون.

بەرهەم سـاڵح، بەکالۆریۆس لە زانسـتەکانی ژینگە و لێپرسراوی هۆبـەی گۆرانی کەشـوهەوا و ژینگەی سروشـتی لـە فەرمانگەی ژینگـەی گەرمیـان، دەڵێـت: رودانـی دیاردەکانـی وشکەسـاڵی لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا کە هەندێک جار رێژەکەی کەم بوە و هەندێکجاریش زۆر، بەتایبەتی ئەگەر وشکەسـاڵییەکە سـەختر بوبێت سەرجەم سێکتەرەکانی گرتوەتەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپ دەکاتە سـەر پێکهاتە ژینگەییەکانی (زەوی، کشـتوکاڵ و ئاو) هەیە.

دەشـڵێت: ئەو هۆکارە سروشـتیانەی بونەتەهـۆی بەدەرکەوتنی بەبیابانبـون لەم ناوچەیەدا، رودانـی تێکچونی خاکە لە ئەنجامی نەبونی شێ بۆ ماوەیەکی زۆر، کە ئەمەش رزینی خاکی لێدەکەوێتەوە «لەم چەند سـاڵەدا لە هەندێک شـوێن پێدەچێـت رویدابێت بەم هۆیـەوە گژوگیای تیادا سـەوزنابێت و خاکەکە وردەوردە توشـی راماڵین دەبێت، بەهۆی بایەکی کەم تۆز و خۆڵێکی زۆر هەڵدەکات کە لە ئێستادا روبەڕومان بوەتەوە.

ئاماژە بەوەشدەکات: هەمو ئەم هۆکارانە وادەکات خاکی ناوچەکە بەتایبەتی ناوچە گەرمەکان وەک گەرمیان و بەتایبەتیش خواروی گەرمیان، بەرەو بەبیابانبون هەنگاودەنێت.

هاوکات خالد سلێمان، رۆژنامەنوس و راهێنەری بواری رۆژنامەوانیی ژینگەیـی، دەڵێت: هۆکاری سـەرەکی بەبیابانبـون کەمی رێژەی دابارینـە، ئەم کەمی دابارینەش دەرئەنجامە خراپەکانی لە سـەر خـاک چەندین رەنگدانەوەی هەیە، لەوانـە: بونی ژمارەیەکی زۆر مەڕومـاڵات کە پێویسـتییان بە خۆراکە، ئەمـەش کاریگەریی زۆر دەکاتە سەر روتەڵکردنی خاک.

دەشـڵێت: لە ئەنجامی وشـکبونی خـاک کە هۆکارە بـۆ نەمانی شێ، کاردەکاتە سەر سیستەمی وردیلەکانی خاک کە سەرچاوەی بەپیتـی خاکن، ئەمەش وادەکات خاکـی ناوچەکە چیتر بەکەڵک نەیەت بۆ کشتوکاڵکردن.

جەختی لەوەشکردەوە: یەکێک لەو شوێنانەی مەترسی لەسەرە بۆ بەبیابانبون، گەرمیانە.

رونیکردەوە: بەبیابانبون مەبەسـت ئەوەنیە شـوێنک تەختایی و تەنهـا لـم بێت، بەڵکو کاتێک تەنانەت تەپۆڵکە و دۆڵەکان و چیا نزمەکان توشی بێ بارانی دەبن و وشکبونی خاکی لێدەکەوێتەوە، بەو وشکبونە خاک روپۆشی روەکی نامێنێت، بە نەمانی روپۆشی روەکییش خەسڵەتی بیابان وەردەگرێت.

بۆ روبەڕوبونەوەی دیاردەی بەبیابانبون ئەو رێگاچارانەی پێویستە بگیرێتەبەر پێویستی بە هەوڵی پێکەوەییە لە رێگەی مامەڵەکردنی هۆشیارانەوە.

خالد سلێمان، دەڵێت: چارەسەرێکی سحری نییە بۆبەرەنگاربونەوەی بەبیابانبـون، بەڵام ئەو رێژەی دابارینەی کە هەیە بەشـێوەیەکی بـەردەوام بەکاربهێنرێـت و ئاوی ژێرزەوی دەسـتی پێوەبگیرێت، چونکـە ئـاوی ژێـرزەوی کاریگەرییەکی زۆری هەیە بـۆ مانەوەی شێ لە خاکدا، بە نەمانی ئاوی ژێر زەوی شێ کەمدەبێتەوە لەناو خاکدا.

ئاماژەش بەوەدەکات: پێویسـتە حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و جوتیـاران بە لێزانییەوە مامەڵە لەگـەڵ ئاوی ژێر زەوی بکەن، کار بـۆ گلدانـەوەی ئاو بەشـێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێـژراو و بە بەردەوامی بکەن.

«داوای زیادکردنـی رێـژەی سـەوزایمان کردوە، بەهـۆی ئەوەی ناوچەی گەرمیان کاریگەری وشکەساڵی ناوچەکانی خواروی عێراقی لەسـەرە، هەڵکردنـی تۆز و خۆڵ و با لە سـەر ناوچەکە بەزەقی دەردەکەوێت، ئەرکی حکومەتە کاری جدی لەسـەر دروسـتکردنی پشـتێنەی سـەوزایی بکاتەوە بەتایبەتی لە وشـوێنانەی کە رێگر دەبێـت لـە هاتنی تۆز و خۆڵ بۆ ناو سـەنتەری شـار». بەرهەم سـاڵح، بەکالۆریۆس لە زانسـتەکانی ژینگە و لێپرسـراوی هۆبەی گۆرانی کەشـوهەوا و ژینگەی سروشـتی لـە فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، وای وت.

لە بەرامبەردا خالد سـلێمان، جەخت لـەوە دەکاتەوە: یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی پاراسـتنی خاک و کۆی سیستەمی ژینگەیی زیادکردنـی رێـژەی سـەوزاییە، ئاودانیان بەرێگـەی دڵۆپەکردن، گرنگیدان بە ناشتنی ئەو روەکانەی بەرگەی بارودۆخی کەشوهەوای گەرمی ناوچەکە دەگرن.



تابلۆیەکی شێوەکار: گوڵاڵە حەمید کە گوزارشت لە وشکەساڵیی دەکات و لەنێو بەنداوی باوەشاسوار لە کفری دایناوە پاش وشکبونی بەنداوەکە لە ساڵی ۲۰۲۱

## بەشی‌دووەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجام

١. وشکەسالّیی بووەتە مەترسیەکی گەورە لەسەر ژینگە و ژیانی ناوچەی گەرمیان، بەشێوەیەک لەماوەی ٥ ساڵدا ٣ جار وشکەسالّیی ڕوویداوە.

٢. ئەم حاڵەتانە کێشە و لێکەوتەی جیاوازی دروستکردوە لەسەر کۆی ژیانی ناوچەکە، ئیتر چ لە ڕوی ژینگە و دابینکردنی ئاووە بێت، یان لە ڕوی لێکەوتە و زیانی ئابوری لەنمونەی لەناوبردن و کەمکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵەوە.

٣. لە ڕوی کشتوکاڵییەوە بووەتە هۆی لەناوبردنی بەرهەمی کشتوکاڵیی، یاخود نەبونی بەرهەمی باش، ئیتر چ لە ڕوی بڕ و چ لە ڕوی کوالێتییەوە، بەشێوەیەک بەرهەمی کشتوکاڵی (دانەوێڵە) بۆ وەرزێکی وەکو ئەمساڵ (٢٠٢٤-٢٠٢٥) پێشبینی سەروی ١٠٠ هەزار تەن بەرهەم کرابو، کەچی ٤٠ هەزار تەن دوراوەتەوە.

٤. لە ڕوی ئاژەڵدارییەوە بووەتە هۆی کەمبونەوەی پاوان و گژوگیای سروشتی کە سەرچاوەی سەرەکیی ئالیکی ئاژەڵانن، ئەمەش وادەکات ئاژەڵی ناوچەکە کەم بکەن چ بەهۆی لەناوچونیان یاخود بەهۆی فرۆشتنیان بە ناچاری یان گواستنەوەیان بۆ ناوچەی دیکە بۆ لەوەڕاندنیان.

٥. لەڕوی نەخۆشی و ئافاتیشەوە ڕۆڵی هەبوە لە زیادبونی نەخۆشی کشتوکاڵی و ئاژەڵی.

٦. دووبارەبونەوەی حاڵەتەکان و نەبونی هیچ گەرەنتییەک بۆ هەمدیس دووبارەنەبونەوەیان لە داهاتودا، وادەکات چارەنوسی ئەم ناوچەیە بخاتە ژێر مەترسی و دوودڵییەکی زۆرەوە، لانیکەم لە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە.

٧. ئەمەش بەپێی پێدراوەکان دووبارەبونەوەی ئەم حاڵەتە وایکردوە ناوچەکە لەژێر مەترسی بە بیابانبوندا بێت، لە زۆربونی زەوی ڕوتەنی و کەمبونەوەی زەوی شیاو بۆ چاندنی کشتوکاڵییدا دەردەکەوێت.

٨. بەهۆی ئەم حاڵەتەوە، ئاوی ژێرزەوی زیانی پێگەیشتوە، بەوەی لەلایەک ئاستەکەی کەمبوەتەوە، لەلایەکیش دەبێتە هۆی زیاتربونی پشتبەستن بە ئاوی ژێرزەوی، کە ئەمەش بۆ بانەڕۆژ کاریگەریی و لێکەوتەی خراپتری دەبێت.

٩. وشکەسالّی بووەتە مایەی دروستکردنی مەترسی لەسەر ژیانی گوندنشینان کە خۆی لە ساڵانی ڕابردودا ژمارەیان زۆر کەمبوەتەوە، بەوهۆیەی بێبەش بون لە سەرچاوەی ئاو و بەتایبەتی لە وەرزە گەرمەکاندا ڕووبەڕوی کێشەی زۆر دەبنەوە لە دەستڕاگەیشتنیان بە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە.

١٠. ئاستی بەدەمەوەهاتنی حکومەت بۆ ئەم پرسە لاوازە، بەشێوەیەک جوتیار و ئاژەڵداران بەتەنیا بەجێهێڵراون و هەر خۆیان دەبێت بارگرانی زیانەکان لە ئەستۆ بگرن. ئەگەرچی حکومەت هەندێک هەنگاوی هەبوە بەتایبەتی بە هاوکاری و پاڵپشتی ڕێکخراوەکان، بەڵام سنوردار و ڕێژەیین.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ەوە**

یەکەیەکی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها بەرەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزارییەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net

## دوەم: راسپاردەکان

١. دەبێت حکومەت پرسی وشکەساڵی بە هەند وەربگرێت، نەک ئەوەی چاوەڕێی زیاتر بکات، هەمو پێدراوەکان بۆ ئەوە دەچن کە وشکەساڵی بوەتە ئالەنگارییەکی گەورە لە گەرمیان و نابێت لەوە زیاتر پشتگوێ بخرێت.
لەمڕووەوە پێشنیاز بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین، لە ئاستی هەرێم دا (پارلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێم، وەزارەتی کشتوکاڵ، دەستەی ژینگە، وەزارەتی شارەوانی)، لە ئاستی ناوچەییشدا (ئیدارەی گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوانی گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی ڤێتێرنەریی گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی ئاودێریی گەرمیان و فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان) لەگەڵ هەر وەزارەت و دەستە و بەڕێوبەرایەتییەکی دیکە کە پەیوەندیدار بێت بەم پرسە، کۆنفرانسێک ئەنجام بدەن و کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و خاوەن دید و روئیا بانگهێشت بکرێن بۆ ئەوەی تاوتوێی ئەم مەترسییە بکرێت و کۆمەڵێک دەرەنجام و راسپاردە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا گەڵاڵە بکرێت.
٢. پێشنیاز دەکەین لەسەر ئاستی ئیدارەی گەرمیان، ئەنجومەن یان بۆردێک بۆ وشکەساڵی پێکبهێنرێت، کاری ئەم بۆردە بریتی بێت لە بەدواداچون کردن بۆ ئەم پرسە، بەشێوەیەک پێشتر پلانەکان ئامادەبکات بۆ روبەڕوبونەوەی و دواتریش زیان و لێکەوتەکان بە وردیی راپۆرت بکات.
٣. هەمان پێشنیاز دەکەین بۆ پێکهێنانی بۆردێک بەمەبەستی بەدواداچونی پرسی بە بیابانبون، چونکە هەمو پێدراوەکان جەخت لەوەدەکەنەوە ناوچەی گەرمیان بە تەواوی یان بەرێژەیی توشی بە بیابانبون دەبێت ئەگەر هەنگاوی پێویستی بۆ نەگیرێتەبەر. بۆ ئەم مەبەستە بونی بۆردێک کە بەدواداچون بۆ ئەم پرسە بکات و بەرنامەی پێویست بۆ روبەڕوبونەوەی دابنێت، بە گرنگ و پێویست دەزانین.
٤. هانی هەردو زانکۆ حکومییەکانی سنوری گەرمیان (زانکۆی گەرمیان و زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان) دەدەین کە کاری زانستی بکەن و هاوکاریی حکومەت بکەن لە دانانی پلان و ستراتیژ بۆ روبەڕوبونەوەی پرسی وشکەساڵیی، بەتایبەتی کە هەردو زانکۆکە کەسانی ئەکادیمی بە ئەزمونیان لەبارەی پرسە ژینگەیی و کشتوکاڵییەکانەوە تێدا یە.
٥. پرسی ئاو و مامەڵەکردن لەگەڵ ئاو، پرسێکی یەکجار گرنگ و هەستیارە و راستەوخۆ پەیوەندیی هەیە بە پرسی وشکەساڵییەوە، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا هیچ هەنگاوێکی جیدی ئەوتۆ نابینرێت. بەهەدەردانێکی یەکجار زۆر لە ئاوی ناوچەکەدا هەیە، بەشێکی زۆری ئەم بەهەدەردانانەش ئاوی ژێرزەویین.
پێویستە حکومەت ئەم بابەتە بە هەند وەربگرێت، رێگری بکات لە بەهەدەردان، بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی رێک بخاتەوە و سنورداری بکات و بەپێی پێوەری زانستی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، نەک بەم بێسەروبەرییەی کە هە یە.
٦. بە دەستخۆشییەوە هەندێک هەنگاو گیراونەتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ وشکەساڵیی ئەگەرچی بچوک و سەرەتایین، بەڵام سود و لێکەوتەی باشیان هەبوە، لەنمونەی بەرهەمهێنانی بنەتۆی نوێ کە زیاتر بەرگەی کەمئاویی و وشکەساڵیی دەگرێت، لەگەڵ بەکارهێنانی ئامێری جوتکردنی نوێ کە بەهۆیەوە دانەوێڵە کەمتر ئاوی پێویست دەبێت. ئەم کارانە کە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵەوە و هەندێکی بەهاوکاری رێکخراوەکان کراوە، دەرەنجامی باشیان هەبوە، بۆیە پێویستە گشتاندنی بۆ بکرێت و برەوی زیاتریان پێبدرێت، بۆ ئەوەی هەم کشتوکاڵی سنورەکە بەرهەمی زیاد بکات، هەمیش پارێزگاری لە بەهەدەردانی داهاتی ئاوی ناوچەکە بکرێت.
٧. ئەگەرچی لەماوەکانی رابردودا ژمارەیەک پۆند دروستکراون، بەڵام ناوچەکە زیاتر لەوەی هەیە پێویستی بە رێگای کۆکردنەوەی باران و داهاتی ئاوە، ئیتر چی بە دروستکردنی بەنداو بێت یان پۆند یاخود گۆماوی بچوک و هاوشێوەکانی.
هانی حکومەت دەدەین کە لەمڕووەوە هەنگاوی جیدی هەڵهێنێت، بشتوانێت کەرتی تایبەت تێکەڵ بەم بوارە بکات و وابکات ئەوانیش پرۆژەی هاوشێوە بونیاد بنێن بەتایبەتی بۆ پرۆژە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکان، بۆ ئەوەی هەمو هەوڵێک بدرێت بۆ گلدانەوەی ئاوی زیاتر و پاراستنی ئەو داهاتە ئاوییانە.
٨. بونی هاوکاریی دارایی و قەرز و دابینکردنی بنەتۆ و پێداویستی دیکە بۆ جوتیاران و ئاژەڵداران زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن و لەکاتی زیانپێگەیاندنیان بەهۆی وشکەساڵییەوە مایەپوچ نەبن و بتوانن جارێکی تر دەست بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی بکەنەوە. لەمڕوەشەوە گرنگە لەگەڵ بانکە ئەهلییەکانیشدا رێکەوتن بکرێت و بەشێک لە وەبەرهێنانەکانیان لە بواری کشتوکاڵیی و قەرزی کشتوکاڵییدا بێت.
٩. هەندێک لە جوتیاران رێگای نوێی کشتوکاڵییان گرتوەتەبەر بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی وشکەساڵیی، لەنمونەی دانانی سیستەمی دڵۆپە «قەترە» و ئاوپرژاندن «مەرەشە». گرنگە برەو بەم رێگا بەدیلانە بدرێت، بەڵام لەوەش گرنگتر چاودێریی بکرێن و بەرێگای پیشەیی و زانستی بکرێن، بەشێوەیەک نەبنە هۆی زیانگەیاندنی زۆر بە داهاتی ئاویی و بەتایبەتی ئاوی ژێرزەوی.
١٠. پاوانەکان بڕبڕەی پشتی ئاژەڵدارییەن لەناوچەکە، بۆیە گرنگە لەلایەکەوە پارێزگارییان لێبکرێت و رێگە بە کێڵان و بەکارهێنانیان نەدرێت، لەلایەکی دیکەوە بتوانرێت بنەتۆوی ئەوتۆ بچێنرێت کە بەسودبن بۆ کشتوکاڵ و زۆرتر پێبگەن و زیاتر بەرگەی وشکەساڵیی بگرن، ئەمە لەپاڵ بەردەوامبون لە پرۆسەی دەرمانڕشتن بەمەبەستی قەڵاچۆکردنی مێرو و گەنەی زیانبەخش و گوێزەرەوەی نەخۆشیی.